# توركیا: دەتەپە داوای ئۆتۆنۆمی بۆ کوردەکانی تورکیا دەکات

(سبەی):
ئەمڕۆ 6/15 کۆتایی هات بە کۆنگرەی سێیەمی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی (دەتەپە) لە تورکیا کە ماوەی 2 ڕۆژە لەشاری دیاربەکر (ئامەد) بەردەوامی هەیە، پاش ئەو کۆنگرەیەش، دەتەپە بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە سەبارەت بە بەڕێوەچونی کۆنگرەکە و ئەو بڕیارانەی کە دراون.
لەبەیاننامەکەدا هاتوە: سەرجەم بەشداربوانی کۆنگرەکە بەشێوەیەکی فراوان و دیموکراسی گفتوگۆیان لەبارەی سەرجەم لایەنەکان و پێشنیارەکان سەبارەت بە پرسی کورد لە تورکیا کردوە، هەروەها بەشداربوان کۆك بون لەسەرئەوەی کە تەنها (ئۆتۆنۆمی) باشترین ڕێگەیە بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لە تورکیا.
بەیاننامەکە داوای لە تورکیا کردوە پرۆسەی سەربازی لەناوچە کوردیەکان بوەستێنێت، ئاماژەی بەوەشداوە کە بەردەوامبونی ئەو پرۆسانە لەکاتێکدا کە پەکەکە ئاگربەستی درێژکردۆتەوە، بە هەوڵدانێك ئەژماردەکرێت بۆ تێکدانی هەوڵە بەردەوامەکان بۆ چەسپاندنی ئاشتی، لەبەرئەوە پێویستە کار بکرێت بۆ بەخێرایی وەستاندنی ئەم پرۆسە سەربازیانە بۆ ئەوەی بوار پرەخسێنرێت بۆ کردنەوەی کەناڵی دیالۆگ.
پاش بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی کۆتایی داواکاری گشتی شاری دیاربەکر داوایەکی یاسایی لەدژی دەتەپە بەرزکردەوە بەو تۆمەتەی کە ە ە ندێك لەو دروشم و لافیتە و زاراوانەی کە لە کۆنگرەکەدا بەکارهێنراون تاوانن و دژی یاساو دەستوری تورکیان.